دەسەڵاتی دادوەری: ئەو زانیارییانەی لەبارەی کوشتنی دکتۆرە سارا عەبودی بڵاوکراوەتەوە دروست نین

ئەمڕۆ سێشەممە، ئەنجومەنی باڵای دادوەری جەختیکردەوە کە ئەو زانیارییانەی لەسەر تاوانی کوشتنی دکتۆرە سارا عەبودی بڵاوکراونەتەوە، دروست نین.

ئەنجومەنی دادوەری لە راگەیندراوەکدا بڵاویکردەوە: "هێندێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زانیاری نادروستیان لەبارەی کێسەکەی تاوانی کوشتنی دکتۆرە سارا عەبودی بڵاوکردووەتەوە."

ئەنجومەنەکە ئاماژەی بەوەدا: "ئەم زانیارییانە دروست نین، چونکە تا ئێستا دێسیەکە وردبینی نەکراوەتەوە، بەهۆی ئەوەی دێسیەکان بەپێی بەرواری گەیشتنیان بە دادگای پێداچوونەوە وردبینییان بە دەکرێت ".